**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**

## پەیڕەوی ژمارە ( ١٠ ) ساڵی ( ٢٠١٢ )
## بۆ جێ بەجێکردنی یاسای ئیمتیازاتی زیندانی کراو و گیراوی سیاسی کوردستان
## ژمارە ( ١١ ) ساڵی ( ٢٠١١ )

پشت بەست بە بڕگەی هەشتەم لە ماددەی سێیەم لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣) ساڵی (١٩٩٢)، وماددەی (حەوتەم) لە یاسای ئیمتیازاتی زیندانی کراو وگیراوی سیاسی کوردستان ژمارە (١١) ساڵی (٢٠١١)، وئاماژە بە بڕیاری کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٦) لە ڕۆژی ٢٠١١/١٢/٥ ،و ڕەزامەندی وەزارەتی دارایی وئابووری بە نووسراویان ژمارە ١٩٥٦ لە بەرواری ٢٠١٢/١/٣٠، بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم پەیڕەوەی خوارەوە:

## پەیڕەوی ژمارە ( ١٠ ) ساڵی ٢٠١٢
## بۆ جێ بەجێکردنی یاسای ئیمتیازاتی زیندانی کراو و گیراوی سیاسی کوردستان
## ژمارە ( ١١ ) ساڵی ( ٢٠١١ )

**ماددەی یەکەم:**

١) بەستنەوەی (لیژنەی پەسەندکردنی زیندانیکراوی سیاسی وگیراوی سیاسی لە هەرێمی کوردستان) پێکهاتوو بە پێی ماددەی چوارەم لە یاسای ئیمتیازاتی زیندانی کراو و گیراوی سیاسی کوردستان ژمارە (١١) سالی ٢٠١١ (کە لەمەودوا لەم پەیڕەوەدا بە لیژنە ناوی دێت) بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە.

٢) لیژنە بەرپرسیارێتی یاسایی ساغکردنەوە وپەسەندکردنی دۆسیەی ناوی ئەو کەسانە دەگرێتە ئەستۆ کە مەرج وپێداویستیەکانی هاتوو لە یاسای ئیمتیازاتی زیندانی کراو و گیراوی سیاسی کوردستان ژمارە (١١) سالی ٢٠١١ و پەیڕەو و ڕێنماییەکانیان تێدایە، و لە کارەکانیاندا پشت دەبەستن بە بەڵگەنامە وڕێگەکانی سەلماندن هاتوو لە یاسا پەیوەندیدارەکان، و پێویستە ناوەکان لە ڕێگای کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە بلاّوبکەنەوە و بواری تانە لێدان بڕەخسێنرێت لە ڕاستی ودروستیان بە بەڵگەنامە ودۆکیۆمێنت، وپێویستە بە شێوەیەکی خولی بەردەوام ڕاپۆرت پێشکەش بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بکەن.

٣) لیژنەکە دۆسیەی تایبەتی بۆ هەر داوایەك ڕێکدەخات و بە زۆرینەی دەنگ بڕیاری خۆی دەردەکات وپێویستە لەناو کۆنووسی کۆبوونەوەکانیاندا ووردەکاری داواکاری و بەڵگەنامە وچۆنیەتی سەلماندنی شولکردنی داواکار بە یاسا و پەیڕەو و ڕێنماییەکان دیاری بکرێت، بڕیارەکەش شایانی تانەلێدانە لە بەردەمی دادگای ئیداریدا بە پێی حوکمەکانی یاسای ئەنجومەنی شورای هەرێم ژمارە ١٤ ساڵی ٢٠٠٨.

٤) ئەوانەی داواکارن سوودمەند بن لە مووچە و ئیمتیازاتەکانی هاتوو لە یاسای ئاماژەپێدراو وبڕگەکانی ئەم پەیڕەوە وڕێنماییەکان، دەبێت سەرجەم مەرج و پێداویستە یاساییەکانی ئاماژەپێدراوی ئەم پەیڕەوەیان تیادا بێت، و سەر لە نوێ لیژنەکە پەسەندیان بکات تەنانەت بەو کەسانەشەوە کە لە پێش دەست بەکاربوونی لیژنەکەوە بە زیندانیکراو یان ڕاگیراوی سیاسی تۆمارکراون.

**ماددەی دووەم:**

١) خەرجکردنی بڕی (٥٠٠٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار بە شێوەی بەخشین (منحە)ی خانەنشینی مانگانە بۆ زیندانی سیاسی وئەو راگیراوە سیاسیەی کە ماوەی گیرانی لە ساڵێك کەمتر نیە بە مەرجێك سەرجەم مەرج و ئەحکامەکانی یاسای ئیمتیازاتی زیندانی کراو و گیراوی سیاسی کوردستان ژمارە (١١) سالی ٢٠١١ بیانگرێتەوە و لە دوای ساغ بوونەوەی شمولکردنی بەو یاسایە و پەسەندکردنی دۆسیەکەی لە لایەن لیژنە.

٢) خەرجکردنی بڕی (٥٠٠٠٠) پەنجا هەزار دینار مانگانە زیاد دەکرێت بۆ بە خشیشی (منحە) خانەنشینی هاتوو لە بڕگەی (١) ی سەرەوە لەم پەیڕەوە بۆ هەر ساڵێکی ناوزیندان دوای ساڵی یەکەم لە دوای ساغ بوونەوەی شمولکردنی بەو یاسایە و پەسەندکردنی دۆسیەکەی لە لایەن لیژنە.

٣) خەرجکردنی بڕی ( ٢٥٠٠٠٠) دوو سەد و پەنجا هەزار دینار مانگانە موچەی خانەنشینی بۆ ئەو ڕاگیراوی سیاسی کە ماوەی گیرانی لە (٦) شەش مانگ کەمتر نەبێت و لە( ١) ساڵێك زیاتر نەبێت، لە دوای ساغ بوونەوەی شمولکردنی بەو یاسایە و پەسەندکردنی دۆسیەکەی لە لایەن لیژنە.

٤) خەرج کردنی پارەیەکی بڕاوە (مقطوع) بە بڕی ( ٥٠٠٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار تەنها بۆ یەکجار لە بەرامبەر هەر مانگێکی ڕاگرتنی (ڕاگیراوی سیاسی) کە ماوەی گیرانی لە (٦) شەش مانگ کەمتربێت و بەیەکجار بەسەر یەکەوە بۆی خەرج دەکرێت، لە دوای ساغ بوونەوەی شمولکردنی بەو یاسایە و پەسەندکردنی دۆسیەکەی لە لایەن لیژنە.

**ماددەی سێیەم:**

١) لەکاتی ئەژمار کردنی ماوەی گیران وراگیرانی سیاسی بۆ مەبەستەکانی ئەم پەیڕەوە لە ( نیو مانگ زیاتر) بەیەك مانگ ئەژمار دەکرێت .

٢) هەرکاتێك دەرکەوت ئەو کەسەی بەخشین (منحە)ی خانەنشینی وەردەگرێت ومەرجە یاساییەکانی تێدا نیە، موچەکەی ڕادەگیرێت و دەبێت دەست بەجێ بەپێی یاسا وڕێنماییەکان مووچە وەرگیراوەکان بگەڕێنێتەوە لەگەڵ سزادانی خۆی و هەرکەس ولایەنێکیش بەپێی یاسا.

٣) ئەنجومەنی وەزیران لە سەر پێشنیاری بەرێوەبەرایەتی کاروباری زیندانیە سیاسیەکان لە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفال کراوەکان و وە بەپێی بارو زروفی دارایی هەرێم بۆی هەیە گۆرانکاری لە بڕی موچەکە بکات.

**ماددەی چوارەم:**

١) زیندانی سیاسی یان گیراوی سیاسی خۆی یان میراتگری بە پێی یاسا و رێنماییەکان بۆیان هەیە پێشینەی خانوبەرە هەروەها بەخشیش (منحە)ی خانوبەرە بە پێی یاسای ئیمتیازاتی زیندانی کراو وگیراوی سیاسی کوردستان ژمارە (١١) ساڵی ٢٠١١ وەربگرن بۆ دروست کردنی خانوو.

٢) ئەو زیندانی کراوە و گیراوە سیاسیانەی کە سوودمەند بوون لە وەرگرتنی پێشینەی خانوبەرە مافی وەرگرتنی بەخشیش (منحە)ی خانوبەرەیان هەیە .

**ماددەی پێنجەم:**

وەزارەتی شەهیدان و ئەنفال كراوان هەڵدەستێت بە ئامادەكردن و رێكخستنی (مەدالیا و بڕوانامە)ی رێزلێنان بۆ (زیندانیان و گیراوانی سیاسی) ئەوانەی ناویان پشت راست كراوەتەوە دواتر لەلایەن وەزارەت و سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران پێیان دەبەخشرێت.

**ماددەی شەشەم:**

زیندانی و گیراوی سیاسی كۆچ كردوو بە هەمان پێوەری میراتگرانی شەهیدان مامەڵەیان لەگەڵ دەكرێت لەكاتی جێ بەجێكردنی ناوەڕۆكی هەردوو بڕگەی (١) و (٣) لە ماددەی (شەشەم) لە یاسای ئیمتیازاتی زیندانی كراو و گیراوی سیاسی كوردستان ژمارە (١١) ساڵی (٢٠١١).

**ماددەی حەوتەم:**

پێویستە لەسەر هەردوو وەزارەتی (پەروەردە) و (خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی) رێنمایی پێویست دەربكەن بۆ جێ بەجێكردنی بڕگەی (چوارەم) لە ماددەی (شەشەم) لە یاسای ئیمتیازاتی زیندانی كراو و گیراوی سیاسی كوردستان ژمارە (١١) ساڵی (٢٠١١) .

**ماددەی هەشتەم:**

وەزارەتی دارایی وئابووری ساڵانە و لە چوارچێوەی پلانی وەزارەتیاندا پارەی پێویست لە بوودجەی هەرێمی كوردستان بۆ مەبەستەكانی جێبەجێكردنی ئەم پەیڕەوە تەرخان دەكات.

**ماددەی نۆیەم:**

ئەم پەیڕەوە جێ بەجێ دەكرێت لە رۆژی بڵاوبوونەوەی لە رۆژنامەی (وەقایعی كوردستان) وتەرخانكردنی پارەی پێویست بۆ جێبەجێكردنی لە چوارچێوەی بوودجەی ساڵانەی هەرێمی كوردستاندا وبە پێی رێنمایی داراییەكانی خەرجكردن كە بۆ ئەم مەبەستە دەبێت لە لایەن وەزارەتی دارایی وئابووری دەربچێت.

**د. بەرهەم احمد صالح**
**سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران**